# هەواڵەکانی کوردستان

## دادگایی ڕۆژنامەنووسی خەڵکی بۆکان لە دادگای ڕژیم لە شاری مەهاباد

ئاخرین دانیشتنی دادگای ڕژیم لە شاری مەهاباد تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە لە مەسعود کوردپوور، ڕۆژنامەنووس و ماموٚستا و هەڵسووڕاوی مافی مرۆڤی خەڵکی بۆکان، بەڕێوە چوو.

مەسعود کورد پوور لەگەڵ عەبباس جەماڵی پارێزەرەکەی لە دادگا ئامادە بوو و دیفاعی لە خۆی کرد و تاوانی پروپاگەندە لە دژی ڕژیم بە قازانجی هێزە نەیارەکانی ڕژیم لە ڕێگەی ڕادیۆ بێگانەکانەوە ڕەد کردووەتەوە.

مەسعودی کوردپوور ڕۆژی ١٧ی گەلاوێژ لە لایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم لە ماڵەکەی خۆیدا لە بۆکان گیرا.

***

## لاوێکی تاوانبار کراو بە هەڵسووڕانی سیاسی لە هەل و مەرجێکی خراپ دایە

ڕەزا محەممەدی کە کەمتر لە ١٨ ساڵ تەمەنیەتی ماوەییێک پێش ئێستا لەلایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم لە شاری سەقز بە تاوانی هەڵسووڕانی سیاسی گیرا.

وەك دەگوترێ ڕەزا محەممەدی حەوتووی ڕابردوو لە زیندانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕژیمەوە گواستراوەتەوە بۆ زیندانی ناوەندی ئەو شارە و بە پێوەندی لەگەڵ یەکێك لە هێزە کوردستانیەکانی نەیاری ڕژیم تاوانبار کراوە و لە ماوەی لێپرسینەوەی لە زیندانی ئیتلاعات دا شکەنجە کراوە.

***

## تێك هەڵچوون لە نێوان خەڵکی شاری سنە و هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم

خەڵکی شاری سنە لە دەورووبەری ترمیناڵی ئەو شارە لەگەڵ هێزە سەرکوتگەرەکانی ئینتزامی ڕژیم تێکگیران.

هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم هێرشیان بردە سەر قاوەخانە فرۆشگاکانی ناو ترمیناڵەکە و دەیان کەسیان بە تاوانی خواردنی ڕۆژوو دایە بەر ئازار و ئەزیەت و لەگەڵ خۆیانیان بردن.

ژمارەیێك لە دەستگیرکراوانە کە زۆربەیان موسافیر بوون تا ئێستاش ئازاد نەکراون.

ئەو هەنگاوەی هێزەکانی ڕژیم لەگەڵ تووڕەیی ناڕەزایەتی دووکاندارەکانی ئەو شوێنە بەرەورووبوو.

***

## مانگرتنی زیندانییێکی سیاسی لە زیندانی سنە

شەمسوللا شادی زیندانی سیاسی خەڵکی کامیاران کە لە زیندانی سنەدایە لە ناڕزایەتی بە نادیار بوونی چارەنووسی مانی لە خواردن گرتوە.

ناوبراو کە ئێستا لە زیندانی تاکەکەسی زیندانی سنەدایە و لە ٩ مانگ پێش ئێستاوە بە تاوانی هەڵسووڕان دژ بە ئاسایشی نەتەوەیی ڕژیم گیراوە.

شایانی باسە ناوبراو بە بێ دەرکردنی حوکمی گرتن گیراوە. ئەو زیندانیە سیاسیە پێشتریش مانی لە خواردن گرتبوو.

***

## سنوودار کردنی ماموٚستا ئەیوبی گە نجی لە دوای ئازاد بوونی

ماموٚستا ئەیوبی گەنجی نووسەر و هەڵسووڕاوی سوننی و پێش نوێژی مزگەوتی قوبای سنە کە لە ڕێکەوتی ٧ی ڕێبەندانی ساڵی ڕابردوودا لە دوای خوتبە، لەلایەن هێزە ئەمنیەتیەکانی ڕژیمی ئێرانەوە گیرا و لە دوای ماوەیێك ئازاد بوون بە مەبەستی دەرمان کردن، گواسترایەوە بۆ زیندانی ناوەندی هەمەدان و لە ئاکامدا لە ڕێکەوتی ١١ی ڕەزبەردا بە شێوەیێکی تایبەت ئازاد کرا و چەند بەڵێنی لێسێنراوە کە لیباسی کوردی لە بەر نەکا، نەچێتە مەزگەوتی قوبا و خوتبە نەدا.

شاهیدان قسە لە گەمارۆی ماڵی ناوبراو دەکەن و بە کردەوە ڕێگە نادرێ بە هاتووچۆی خەڵك بۆ ماڵی ئەو ماموٚستایە.

شایانی باسە گیرانی ماموٚستا ئەیوب بە شێوەی دزین بوو و دوایی شکەنجەیێکی زۆریان کرد بوو و ئەوە بووە هۆی ناڕەزایەتی خەڵك ئەو گەڕەکەی سنە و کۆمەڵگای سوننی مەزهەبی ئێران.

***

## نگینی شیخ الاسلامی زیندانی کرا

نگینی شیخ الاسلامی هەڵسووڕاوی مافی مرۆڤ کە ڕابردوویێکی زۆری لە باری ڕۆژنامە نووسی و هەواڵەوە هەیە، سەرلە بەیانی ڕۆژی یەك شەممە ١٤ی ڕەزبەری ١٣٨٧، لە شاری تاران لەلایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیمەوە گیرا.

ئەو هەڵسووڕە مەدەنیە کە پێشتر بەرپرسی ئەنجومەنی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ژنانی ئازەرمێهری لە ئەستۆ بووە لە هەڵسووڕوانی بزوتنەوەی ژنانیش دەژمێردرێ کە لەگەڵ ناوەندی جۆراوجۆری وەك ئەو ناوەندەی باس کرا لە باری مافی مرۆڤەوە هاوکاری کردوە.

نابراو لە شوێنی کارەکانی خۆی بە شێوەییێکی بەربڵاو بۆ وەدیهێنانی مافی بەرابەری ژنانی کوردستان هەوڵی داوە.

خانەوادەی و هاوکارەکانی ناوبراو هیچ هەواڵێکیان لە چارەنووسی ئەو ڕۆژنامە نووسە نیە. وەك باس دەکرێ شیخ الاسلامیان بۆ بەندی ٢٠٩ی زیندانی ئەوین بردوە.

***

## کەسێکی سەردەشتی لەلایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیمەوە کوژرا

هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیمی ملهوڕی ئاخوندی کەسێکی سەردەشتی بێ تاوانیان کوشت. ئەو کەسە ناوی هیوا حەسەن زادە و ٤٠ ساڵ تەمەنی بووە. ناوبراو خەڵکی دێی گەڕۆری سەردەشت بوو کە بە هۆی تەقەی هێزەکانی ڕژیمی ئێرانەوە کوژرا.

شایانی باسە لە ماوەی ڕابردوودا هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم دەیان کەسی بێ تاوانیان لە هاووەڵاتیانی کورد کوشتووە.

***

## لێبوردنی نێونەتەوەیی نیگەرانی لە هەل و مەرجی خوێندکارانی زیندانی دەربڕی

ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی سەبارەت بە شکەنجەی ٨ خوێندکاری هەڵسووڕی زیندانی لە تەوریز نیگەرانی دەربڕی و داوای کرد بە زووترین کات ئازاد بکرێن.

ڕۆژی سێ شەممە ٢ی ڕەزبەری ١٣٨٧ـ ٢٣ی سیپتامبری ٢٠٠٨، ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە ڕاگەیێندراوێکدا ئیشارەی بە هۆی گیرانی مەقسود ئەحەدی، مەنسوور ئەمینیان، داریووش حاتەمی، ئایدین خواجەای، ئەمیر مەردانی، مەجید ماکۆیی، سەجاد ڕاد مێهر و فەراز زهتاب کردوە و زیادی کردوە کە ئەو گیراوانە ڕێگەیان پێ نەدراوە پارێزەریان هەبێ.

***

## لێبوردنی نێونەتەوەیی نیگەرانی ئەوەیە کە ئەوانە لە بەر دەربڕینی بیر و ڕایان گیرابێتن.

ئەو ڕێکخراوەی مافی مرۆڤ لە ڕاگەیێندراوێکدا گووتوویەتی: ئەگەر چی ژمارەیێك لەو گیراوانە پێوەندیان لەگەڵ کەس و کاریان دا هەبووە بەڵام بە پێی بڵاو کراوەی ئەنجومەنی دیفاع لە زیندانیانی سیاسی ئازەربایجان، کە لە ڤانکوڤێری کانادا جێگیرە، ئەندامانی خانەوادەی ئەو خوێندکارانە ڕێگەیان پێ نەدراوە کەسەکانی خۆیان ببینن.

***

## بۆ پشتیوانی لە مانگرتنی زیندانیە سیاسیەکان لە کانادا خۆپیشاندان کرا

ڕۆژی یەکشەممە ١٤ی ڕەزبەری ١٣٨٧ـ ٥ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٨، سەعات ١٢ تا ٢ پاشنیوەڕۆ بە کاتی کانادا، بە بەشداری کۆمەڵێك لە کوردەکانی دانیشتوی ڤانکوڤەر و ئامادە بوونی چەند حیزب و سازمانی سیاسی بۆ پشتیوانی لە مانگرتنی زیندانیانی کورد لە زیندانەکانی ڕژیم دا لە بەردەم (ئارت گالێری) لە شەقامی (ڕابسۆن) کۆبوونەوە و تا شەقامی (بوور ئارد) ڕێپێوانیان کرد. ئەو ڕێپیوانە نزیك بە ٢سەعات و نیوی خایاند.

شایانی باسە چەند کەس لە ئەندامان و لایەنگرانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لەو خۆپیشاندانەدا چالاکانی بەشداریان کرد.

## لە هەر ١٩ دەقیقە یەك کەس دەکوژرێ

ڕۆژنامەی ئیعتماد لە ڕاپۆرتێکدا لە زمان ڕێکخراوی یونیسێف ڕایگەیاند، کە لە هەر ١٩ دەقیقە کەسێك بە هۆی ڕووداوی هاتوو چۆوە لە ئێراندا دەمرێ.

بە پێی ڕاپۆرتی ئەو ڕۆژنامە، یونیسێف لە ڕاگەیێندراوێك دا کە بەبۆنەی کردنەوەی کەلاسەکانی خوێندن لە ئێران، بڵاوی کردۆتەوە و نووسیویەتی: لە ئێران کە ساڵانە ٢٨ هەزار کەس دەمرن، یەکێك لەو وەڵاتانەیە کە بەرزترین ئاماری مردن بە هۆی ڕووداوی هاتووچۆی لە جیهاندا هەیە.

ئاماری ڕووداوی هاتووچۆ لە ئێران ٢٠ پلە زۆر تر لە تێکڕای جیهانە.

## وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا ڕایگەیاند ڕژیمی ئێران گەورەترین مەترسیە بۆ سەر ئاسایشی عێراق

وەزارەتی دیفاعی ئەمریکا لە ڕاپۆرتی خۆی بۆ کونگرەی ئەو وەڵاتە ڕایگەیاند کە پشتیوانی ڕژیمی ئێران لە تاقمە چەکدارەکانی شیعە، گەورەترین مەترسی درێژ ماوەیە بۆ سەر ئاسایشی عێراق.

پێنتاگۆن لەو ڕاپۆرتەی خۆی دا بە ئەندامانی کونگرەی گوتووە، ڕژیمی ئێران بەپێچەوانەی بەڵێنەکانی کە داویەتی، بەردەوامە لە پشتیوانی ماڵی لە تاقمە چەکدارە شیعەکان لە عێراق و چەکیان پێ دەگەیێنێ.

لەو ڕاپۆرتەدا هەروەها هاتووە: کارکردی ڕژیمی ئێران لە عێراق بە زەرەری عێراقە، و پشتیوانی ڕژیمی ئێران لە تاقمە چەکدارەکان هۆییێکە بۆ مانەوەی توند و تیژی لە عێراق دا.

ئەمریکا دەیان جار ڕژیمی ئێرانی بە پشتیوانی نیزامی و بارهێنانی تاقمەچەکدارەکان تاوانبار کردوە.

***

## فشارەکانی ڕژیم بوسەرکاسبکاران بەردەوامە

بە پێی هەواڵێك کە بەدەستمان گەیشتووە ڕۆژی ٢٤ی ڕەزبەر کەسێك بەناوی جەلال مەعروفی خەڵکی ئاوایی سوێروی شاری بانە بەدەست هێزە دژەگەلیەکانی ڕژیمی ئاخوندی دەکوژرێ. ناوبراو تەنانەت بە بێ ئەوەی باری پێبووبێ لەلایەن هێزەکانی ڕژیم تەقەی لێدەکرێ و هەر لەوێ دەمرێ. ڕۆژێك پێشتریش ڕێکەوتی ٢٣ی ڕەزبەر کەسێکی تر بە ناوی فەریدونی زارعی خەڵکی ئاوایی ساوان، لەلایەن هێزەکانی ڕژیمەوە دەدرێتە بەردەستڕێژی هێزەکانی ڕژیم و لە ئاکام دا بریندار دەبی و دەگوازرێتەوە بۆ نەخۆشخانەی مەریوان. هەر لەو چوارچێوەیەدا هاووڵاتێکی بۆکانی بەناوی سەلاح تەمەن ٢٥ سال کە خەریکی دەست فرۆشی بووە لە میاندواو لە ٢٢ی ڕەزبەر لەلایەن ڕژیمەوە تەقەی لێدەکرێ و لەئاکام دا دەکوژرێ.

***

## بازجوی پێشووی ڕژیم لە لوس ئانجلس گیرا

بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵدەری ئاسوشیتدپرێس، بەرپرسێکی پێشووی ڕژیمی ئێران بە تاوانی پێشێلکردنی قانوونەکانی ئەمریکا سەبارەت بە ئابڵوقەکانی سەر ڕژیم بە ٣ ساڵ زیندان مەحکوم کرا.

ڕۆژی سێ شەممە ٢٣ی ڕەزبەری ١٣٨٧ـ ١٥ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٨، دادگای فیدراڵی ئەمریکا سەید مەحمود موسەوی ٤٩ ساڵە دانیشتووی شاری (دایاموندبار) لە ڕۆژهەڵاتی لوس ئانجلس، بە ١٢٥٠٠ دولار جەریمە و لێ ستاندنەوەی ئیقامەکەی مەحکوم کرا. بە پێی ڕاگەیێندراوی پۆلیسی فیدراڵی ئەمریکا، ئێف بی ئای، موسوی پێش سەفەر کردن بۆ ئەمریکا یەکێك لە بازجوەکانی دادگای ڕژیم بووە.

دادستانەکان گووتیان: ناوبراو ساڵی ٢٠٠٢ لەگەڵ شیرکەتێکی ڕژیم ووتوویژی کردوە و بەهۆیە قانوونەکانی ئەمریکای ژێر پێ ناوە. هەروەها ناوبراو بە خۆ دزینەوە لە دانی ماڵیات، بوونە هاووەڵاتی ئەمریکایی لە ڕێگەی تەقەلوبەوە و دانی شایەتی درۆ بە لێکۆڵەرەوانی فیدراڵ تاوانبار بووە.

ناوبراو لە مانگی ئاوریلدا بە شەش تاوان تاوانبار کرا.

## هەل و مەرجی مافی مرۆڤ لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندان

کۆبوونەوەیێك لە ژێر ناوی (ئێرانی ئەورۆ و ڕوانینی داهاتوو) لەلایەن دوو ئەنجومەنی پشتیوانی مافی مرۆڤ، ئەنجومەنی هاوکاری پەنابەران و بزوتنەوەی جیهانی مەسیحیان، لە شاری سارسل لە شیماڵی پاریس بەڕێوەچوو.

بەڕێوەبەری ئەو کۆبوونە لە ئەستۆی الویس مالوانگا سەرۆکی ئەنجومەنی هاوکاری پەرنابەران بوو. ناوبراو قسەکانی خۆی بە ڕاگەیاندنی دەقیقەیێك بێ دەنگی بە مەبەستی ڕێز گرتن لەو ئێعدام کراوانەی لەلایەن ئاخوندانەوە بە شێوەییێکی دڕندانە ئەنجام دراون، دەست پێ کرد. ناوبراو هەل و مەرجی مافی مرۆڤ لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندانی بە قەبووڵ نەکراو ناوهێنا. دوایی باسی لە مەسەلەی بە ترۆریست ناسینی مقاومەتی ئێرانی کرد و گووتی کە ئەو ئەنجومەنی کە ناوبراو ئەندامیەتی ئەو بە ترۆریست ناسینەی مقاومەتی عادڵانەی ئێران ڕەد دەکاتەوە و گووتی: دەبێ بۆ هێنانەدەری ناوی مقاومەتی ئێران لەو لیستەدا هەوڵ بدەین. چوونکە ڕێگە چارەی ووتوویژ و ئیمتیازدان بە ڕژیمی ئاخوندی کۆتایی پێ هاتووە.

نەفەری دووهەم ئەفشینی عەلەوی لە کومیسیونی دەرەوەی شۆرای میللی مقاومەتی ئێران بوو لەگەڵ باسێك لە سەر مێژووی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران، شێوەی بە دەسەڵات گەیشتی خومەینی و دزینی شۆرشی گەلانی ئێرانی لەلایەن ڕژیمی دواکەوتووی ویلایەتی فەقیە و پیلانی دانانی ناوی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران لە لیستی ڕێکخراوە ترۆریستیەکان لە سەر داوای ئاخوندان و گۆڕینی جێی خوێن ڕێژ و قوربانی، شیی کردەوە. ناوبراو هەروەها باسی لە هەل و مەرجی شاری ئەشرەف و دەوری مقاومەتی ئێران لە بەرنگاربوونەوەی بڵاوکردنەوەی دواکەوتوویی و ترۆریسم نێردراوی ئاخوندەکان بۆ عێراق و ناوچەکەی باس کرد و پشتیوانی لە ئەشرفی بە ڕاوەستان لە بەرانبەر دواکەوتوویی مەزهەبی زانی.

لەو بەشەی کۆبوونەوەکەدا کورتە فیلمێك لە بارەی هەل و مەرجی مافی مرۆڤ لە ئێرانی دەسەڵاتداری ئاخوندی بڵاوکرایەوە و چەندین وێنە لە ئیعدام و لێدان و ئازاردانی لاوان و ژنان لەلایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی ئاخوندی، ڕاستیەکانی ڕۆژانەی ئێرانی خستە بەرچاوی ئامادە بووان.

کشیش لولت ژوازیل سەرۆکی بزوتنەوەی جیهانی مەسیحیەکان لە قسەکانی خۆی دا لە بارەی پێشێلکاری مافی مرۆڤ و ئیعدامی ژنان گووتی: ناکرێ لە بەرانبەر ئەو کردەوانەدا دەست لە سەر دەست دانێین.

ئەیو ژان گالاس یەکێك لە ڕێبەرانی بزتنەوەی ئاشتی گووتی: مامی مرۆڤی لە دەسەڵاتی ئاخوندی دا بە تۆقێنەر نابرد و ووتی: ئەو ڕووداوانەی لەو فیلمەدا بوون زۆر کەمترن لەوەی لە ئێراندا ڕوو دەدەن بۆ خۆی شاهیدی هێندێ لەو پێشێلکاریانە بووە لە ساڵانی پێشوودا و ڕخنەی لە وەڵاتانی ئوروپایی گرت لە بەرانبەر ئەو کردەوانەی ڕژیمدا و داوای کرد هەڵوێستێکی لێبڕاوانە لە بەرانبەر ئەو ڕژیمەدا بگرن. و داوای کرد پشتیوانی بکرێ لە مقاومەتی ئێران.